# هونەرمەندان ڕۆژدا و زەکی ئاکان دادگەیی دەکرێن



سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە ڕۆژی 11-2-2010 خانمە هونەرمەند ڕۆژدا دەستبەسەرکراوە، ڕۆژی دواتریش لەلایەن دادگەی شاری ئیستانبۆل دا لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوەو ڕەوانەیماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی غازی ئۆسمان پاشا کراوەتەوەو لە ژێر چاودێریدا ڕاگیراوە.

بەهۆی ئەوەی کە ساڵی 2009 لە ڤێستڤاڵی شاری ئامەددا، ڕۆژدا گۆرانی هەڤاڵ کرمانجی گوتبوو، سکاڵای لە دژدا تۆمارکرابوو، بەوهۆیەشەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە کرابۆوە، هەرچەندە تا ئێستا نازاندرێ کە ئایا سزا دەدرێ یان نا، بەڵام لێپرسینەوە لەگەڵ گۆرانیبێژاندا نیشانەی بە فەرمی نەناسینی زمان و فەرهەنگ و کولتوری کوردی دەگەیەنێ.

لەلایەکی دیکەشەوە هونەرمەند محەمەد زەکی ئاکان بەهۆی ئەوەی کە لە نێو گۆرانیەکانیدا وشەی کورد و کوردستانی بەکار هێناوە، بەوە تۆمەتبارکراوە کە لە ڕێی گۆرانیەکانیەوە بانگەشە بۆ ڕێکخراوبوونی کردوە، بەوهۆیەوە حەوت سکاڵای لە دژدا تۆمارکراوەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە.

تا ئێستا بەهۆی سێ لەو سکالایانەی کە لە دژیدا تۆمار کراوە، دادگەیی کراوە و سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بۆ بڕاوەتەوە.

ئاکان بەهۆی ئەوەی لە کاتی کردنەوەی ناوەندی چاندو هونەری شاری مسرج گۆرانی کوردی گوتبوو، سوچبار کرابوو، بەوهۆیەوە ساڵێک زیندانی بۆ بڕایەوە، هەروەها لە دادگەی شاری سێرت بەهۆ گۆرانی (بۆنی هەڤالان لە چیا دێ) ساڵێکی تر زیندانی بۆ بڕایەوە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی لە ڤێستفاڵی سێرت گۆرانی کوردستانی چری بوو، ساڵێکی دیکە سزای زیندانی بۆ بڕایەوە.




جێی ئاماژەیە کە لە ماوەی ڕابردوودا تەیب ڕەجەب ئەردۆگان لە چوارچێوەی هەوڵدانی دیموکراتیدا لەگەڵ هونەرمەندان دا کۆبۆوە، هونەرمەندانیش گۆرانیان ستری، بەڵام ژمارەیەک هونەرمەندی کورد بەهۆی ئەو گۆرانیانەوە سکاڵایان لەدژدا تۆمارکراوەو ڕووبەڕوی دادگە کراونەتەوە، محەمەد زەکی ئاکان یەکێکە لەو هونەرمەندانەو لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئازادیا وەلات**

# ژوانگە

## کۆنگرە

بۆ حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان، کۆنگرە وێستگەیەکی گرنگە، بەرزترین دەستەڵاتی هەیە، لەوێدا کێشەو ناکۆکی و ململانێکان یەکلایی دەکرێنەوە. کارنامەی داهاتوو بڕیاری لەسەر دەدرێ و سەرکردایەتی نوێ هەڵدەبژێرێ، بەوهۆیەوە دەبێ تێکڕای ئەندامانی حزب گوێڕایەڵی بڕیارو ڕاسپاردەکانی بکەن.

ئەگەر سەیری مێژووی کۆنگرەی لایەنە سیاسیەکان بکەین، دەبینین هەندێکیان لە ئەشکەوت، مزگەوت، ژێر چادر، ژێرزەمین، هۆڵ و دیوەخانەکاندا پێکهێنراون و کارەکانی خۆیان ئەنجام داوە، کەچی سەرکەوتن و ناکام مانەوەی کۆنگرەکان بە شوێنی بەستنیانەوە گرێنەدراوە، بەڵام ئایا هەموو ئەندامان یەکڕامان و بۆچوونیان سەبارەت بە کۆنگرەکان دەبێ؟ ئایا ئەندامێکی دیاریکراو بەیەک چاو لەسەرجەم کۆنگرەکان دەڕوانێ؟ ئایا بەکام کۆنگرەی دەگوترێ سەرکەوتوو؟ یان سەرکەوتنی کۆنگرە لەچیەوە بەرجەستە دەبێ؟

ئەگەر سەیری مێژووی کۆنگرەکان بکەین، دەبینین؛ هەمیشە دۆڕاوەکان توانج و پلاریان لە کۆنگرە داوەو بە ناکام وەسفیان کردوە، بەڵام ئەوانەی تێیدا هەڵبژێردراون هەمان کۆنگرەیان بە سەرکەوتووترین داناوەو پەسنیان کردوە.

هەندێک کۆنگرە لەرەوش و کاودانێکی هەستیاردا پێکدەهێنرێن، ناتواندرێ ئامادەکاری باشیان بۆ بکرێ، بەوهۆیەوە دەرفەت نابێ کە هەندێک کادری بەتوانا بەشداری تێدابکەن، بەڵام دەتواندرێ شیان و لێهاتوویيان لەبەرچاوبگیرێ و بۆ سەرکردایەتی کاندید بکرێن.

با زۆر دوور نەڕۆین و کۆنگرەکانی حزبی ڕزگاریی کوردستان بە نموونە بهێنینەوە. دووەمین کۆنگرەی حزب لە ڕەوشێکی ئاوارتە پێکهات، پەنجا ئەندام بانگهێشت کران، هیچ لایەنێکی حکومی ئاگادار نەکرایەوە، نوێنەری پارێزگاو دادگەو وەزارەتی ناوخۆش بانگهێش نەکران، هەندێک کەس لە گەڕی دووەمی هەڵبژاردن و بە پاڵنان ئینجا بە 24 دەنگ بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی، زۆر پەسنی ئەو کۆنگرەیان دەکرد، بە سەرکەوتوویان دادەنا و ڕەوایەتیان پێدەدا، بەڵام هەمان ئەو کەسانە کە لە کۆنگرەی سێهەمدا بە دەنگی 97 نوێنەر دەرکراون، پلار لە سێهەمین کۆنگرە دەدەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەر ئەندامێکی سێهەمین کۆنگرە لانی کەم بە دەنگی 10 ئەندامی ڕێکخستن وەک نوێنەر هەڵبژێردرابوو، هەروەها لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک پارێزگاو دادگەو وەزارەتی ناوەخۆش ئاگادار کرابوونەوەو بانگهشتیش کرابوون.

لە دوا ڕستەدا دەڵێم: کۆنگرەکان دادوەری ڕەواو ڕاستینن، حوکمی خۆیان دەدەن و کاریگەری لەسەر سیاسەتی حزب و ڕێکخراوەکان دادەنێن، لەدووتوێ لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار دەکرێن و گۆشەیەکی تایبەت بە خۆیان دەگرن.

**جەنگی عومەر**

# تیپە کوردیەکان بەشداری فێستیڤاڵی فەجر دەکەن

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەمساڵ ژمارەیەک تیپی مۆزیکی کوردی لە کێبەرکێی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆزیکی فەجردا بەشداری دەکەن.

بیست و پێنجەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی مۆزیکی فەجر لە ڕۆژانی 26ی شوبات تا 4ی ئازاری ئەمساڵ لە شاری تارانی پێتەختی ئێراندا بەڕێوەدەچێ.

ئەو تیپە موزیکانەی کە ئەمساڵ لە لە فیستیڤاڵی فەجر وەرگیراون، بریتین لە: {ئابیدەری سنە،تەنبوورژەنانی تەرز، جەوەلان،ئەنجومەنی مۆزیکی پارێزگای کوهکیلۆیە و بۆیرئەحمەد،دوڕنا، ئارەنگ، نەغمەی هورموزگان، پەهرە، سەهەندی تەبرێز، خوسرەو، عاشقەکانی دەدە قورقوود و گیل و ئامارەد .

جێی ئاماژەیە کە ئەو تیپە مۆزیکیانە نوێنەرایەتی زۆربەی پارێزگەکانی ئێران دەکەن. لەنێویانیشدا چەند تیپێکی مۆزیکی کوردی هەن کە نوێنەرایەتی پارێزگەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەن.

شایانی گوتنە کە ئەمساڵ 57 تیپی مۆزیک داواکاری خۆیان پێشکەش کردبوو، خوازیاربوون لە کێبەرکێ وەربگیرێن، بەڵام دوای تاقیکردنەوە لیژنەی هەڵبژاردن تەنیا دوازدە تیپی مۆزیکی پەسند کرد.

# هۆزانڤانێکی کورد لە فێستڤاڵی هۆنراوەی جیهاندا



ئەمڕۆ 14-2-2010 هۆزانڤانی کورد حەسەن حەبەش بەشداری لە فێستڤاڵی شیعری جیهاندا دەکات کە لە وڵاتی نیکاراگوادا بەڕێوەدەچێ.

هەڤاڵێکی نزیکی هۆزانڤان حەسەن حەبەش بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەلی ڕاگەیاند کە هۆزانڤان حەسەن حەبەش جێگیر لە شاری بۆنی وڵاتانی ئەڵمانیادا بە فەرمی بانگێشت کراوە تا بەشداری لە فێستففڵی هۆنراوەی جیهانیدا بکات کە ڕۆژی 14ی شوبات لە شاری گرانادی وڵاتی نیکاراگوا دەست پێدەکات و هەشت ڕۆژ بەردەوام دەبێ.

جێی ئاماژەیە کە ساڵی ڕابردووش حەسەن حەبەشی هۆزانڤان بەشداری لە میهرەجانی شیعری جیهانیدا کردبوو کە لە وڵاتی کۆلۆمبیا بەڕیوەچوو.

# هونەرمەندانی عەرەب جەژنی ڤالانتاین پیرۆز دەکەن









ئەمڕۆ 14ی شوبات، لە ڕۆژی ئەڤین و خۆشەویستی دا، زۆرێک لە گۆرانیبێژانی عەرەب کۆنسێرتی تایبەت ساز دەکەن و بە گۆرانیەکانیان دڵی ئاشقان خۆش دەکەن.

هەردوو ئەستێرەی ناوداری لوبنانی، وائل کفوری و ئەلیسا بەیەکەوە ئاهەنگێکی گۆرانی لە هۆتێل ڤینیسیای شاری بێروت ساز دەکەن.

شەزا حەسونی سترانبێژی عێراقی کۆنسێرتێک لەگەڵ ڕابح سەقەر لە هۆتێلی فینیسیا لە بەیروت سازدەکات.

باسکال مەشعەلانی لە ڕۆژی ڤالانتاین دا هەوادارانی شاد دەکات و کۆنسێرتێک لە شاری سەفاقسی تونسی دەگێڕێ،هەروەها چەند بەرنامەیێکی تەلەفزیۆنیشی تۆمارکردوە وەک "ناتالۆ" لە سەر New TV و "سکوت حنغني" کە لەسەر تەلەفزیۆنی میسری پەخش دەکرێ.

هەر بەبۆنەی ڤالانتاینەوە ئێوارەی دوێنێ، 13-2-2010 کارۆل سەماحە لە هۆڵی سوفەرای شاری بێروت دا کۆنسێرتێکی ساز کرد. هەر بەوبۆنەیەوە لە وڵاتی کوێتدا ئاهەنگێکی گەورە بەبەشداری ژمارەیەک گۆرانیبێژی ناودار بەڕێوەدەچێ.